# هەرکەسێک ئەم کچانە بەخێو بکات، وچاکەکار بوو بەرامبەریان؛ ئەوا دەبنە هۆی پاراستنی لە دۆزەخ

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئافرەتێک هات بۆ لام ودوو کچی خۆی لەگەڵدا بوو، داوای بەخشینی (خێری) کرد، وبینی هیچ شتێکم نییە جگە لە خورمایەک نەبێت، بۆیە پێیم بەخشی وئەویش کردی بە دوو لەتەوە ودابەشی کرد بەسەر کچەکانی وخۆی هیچی لێنەخوارد، وپاشان هەستا ڕۆیشت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە بۆ لامان، ومنیش ئەوەم بۆ باسکرد، ئەویش صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک ئەم کچانە بەخێو بکات، وچاکەکار بوو بەرامبەریان؛ ئەوا دەبنە هۆی پاراستنی لە دۆزەخ».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە ئافرەتێک هات بۆ لای ودوو کچی خۆی لەگەڵدا بوو، وداوای خواردنی لێیکرد، عائیشە هیچ شتێکی نەدۆزیەوە پێی ببەخشێت جگە لە خورمایەک نەبێت، بۆیە پێیی بەخشی وئەویش کردی بە دوو لەتەوە ودابەشی کرد بەسەر کچەکانی وخۆی هیچی لێنەخوارد، وپاشان هەستا ڕۆیشت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە وعائیشە ئەمەی بۆ باسکرد، ئەویش صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرکەسێک کاروباری ئەم کچانەی بگرێتە دەست وبەخێویان بکات، وچاکەکار بێت بەرامبەریان وپەروەردەیان بکات، وخواردن وخواردنەوە وپۆشاکیان بۆ دابین بکات وئارامگر بێت لەسەریان؛ ئەوا دەبنە پەردە وبەربەست بۆی لە ئاگری دۆزەخ.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee